# بیدعه كردن له مانگی ره‌جه‌بدا

[ به كوردی ]

بدع في شهر رجب
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز
الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

پێداچونه‌وه‌ی: پشتیوان سابیر عه‌زیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگه‌ی ( ره‌بوه‌ی ) هه‌ره‌وه‌زیی بۆ بانگه‌واز و وشیاركردنه‌وه‌ی ڕه‌وه‌نده‌كان له شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

2008 -1429

islamhouse.com

# بيدعه كردن له مانگی ره‌جه‌بدا

خوای گه‌وره فرمانی پێ كردووین به شوێنكه‌وتنی شه‌رعه‌كه‌ی و دوور كه‌وتنه‌وه له‌بیدعه‌كردن له ئاییندا، فرمان هه‌ر بۆ خوای گه‌وره‌یه‌و گوێڕایه‌ڵی هه‌ر بۆ ئه‌وه، هه‌روه‌ها شوێنكه‌وتنی پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی -صلى الله عليه وسلم-، وه‌ئه‌گه‌ر فرمانێك هات له‌لای خوای گه‌وره‌و پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی-صلى الله عليه وسلم-، ئه‌وه‌ده‌بێت ڕاسته‌و خۆ جێبه‌جێی بكه‌ین، خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێت:{وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَن يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُّبِينًا } (1).

بێ گومان مانگی ره‌جه‌ب پیرۆزه لای خوای په‌روه‌ردگار، چونكه یه‌كێكه له مانگه‌كانی حوروم( اشهر الحرم ) كه خوای گه‌وره باسی كردوه بۆمان له‌قورئانی پیرۆز و نابێت خه‌ڵك له‌و مانگه زوڵم و سته‌م بكات، وه‌ئه‌مه ئه‌وه ناگه‌یه‌نێت كه‌تایبه‌ت بكرێت به‌به‌ندایه‌تێكی دیاری كراو، چونكه هیچ جێگر نه‌بوه له‌پێغه‌مبه‌ری خواوه-صلى الله عليه وسلم-.

له‌گه‌ڵ ئه‌م پیرۆزیه‌ی مانگی ره‌جه‌ب ئه‌وه ناگه‌یه‌نێت كه‌وا هیچ فه‌زلێكی هه‌بێت به‌سه‌ر مانگه‌كانی تره‌وه، ئیبن حه‌جه‌ر ئه‌فه‌رموێت:" ده‌رباره‌ی مانگی ره‌جه‌ب هیچ فه‌رموده‌یه‌كی سه‌حیح كه‌ببێته‌به‌ڵگه نه‌هاتوه ده‌رباره‌ی فه‌زلی ئه‌م مانگه، هه‌روه‌ها ده‌رباره‌ی رۆژو بوون و شه‌و نوێژی تایبه‌ت تێیدا ...(٢).

هه‌روه‌ها ئه‌فه‌رموێت:" ئه‌و فه‌رمودانه‌ی هاتوه‌ده‌رباره‌ی فه‌زلی مانگی ره‌جه‌ب، یان فه‌زلی رۆژو بوون تێیدا، دوو به‌شن: زه‌عیف و مه‌وزوعن..." (٣).

* نوێژی ( الرغائب ) له‌مانگی ره‌جه‌بدا :

یه‌كه‌م: شێوه‌كه‌ی: شێوه‌ی ئه‌م نوێژه‌هاتوه‌له‌فه‌رموده‌یه‌كی مه‌وزوعدا، عن أنس عن النبي -صلى الله عليه وسلم- أنه قال: "ما من أحد يصوم يوم الخميس (أول خميس من رجب) ثم يصلي فيما بين العشاء والعتمة يعني ليلة الجمعة اثنتي عشرة ركعة ، يقرأ في كل ركعة بفاتحة الكتاب مرة و((إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ)) ثلاث مرات، و((قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)) اثنتي عشرة مرة ، يفصل بين كل ركعتين بتسليمة ، فإذا فرغ من

صلاته صلى عليّ سبعين، فيقول في سجوده سبعين مرة: (سبوح قدوس رب الملائكة والروح) ، ثم يرفع رأسه ويقول سبعين مرة: رب اغفر وارحم وتجاوز عما تعلم ، إنك أنت العزيز الأعظم ، ثم يسجد الثانية فيقول مثل ما قال في السجدة الأولى ، ثم يسأل الله (تعالى) حاجته ، فإنها تقضى".. قال رسول الله -صلى الله عليه وسلم-: "والذي نفسي بيده ، ما من عبد ولا أمَة صلى هذه الصلاة إلا غفر الله له جميع ذنوبه ، ولو كانت مثل زبد البحر ، وعدد الرمل ، ووزن الجبال ، وورق الأشجار ، ويشفع يوم القيامة في سبعمئة من أهل بيته ممن قد استوجب النار" (4).

دووەم: قسەی ئەهلی عیلم دەربارەی ئەم نوێژە:

ئیمامی نەوەوی دەفەرموێت: ئەم نوێژەبیدعەیەکی زۆر ناشرین و گەورەیە، پێویستەوازی لێبهێنرێت و پشتی لێ بکرێت و ئەوکەسەش دەیکات ئاگادار بکرێتەوەکەبیدعەی کردوە. (٥).

وەشێخی ئیسلام ئیبن و تەیمیەدەفەرموێت:" نوێژ الرغائب: هێچ بنەماێکی شەرعی نیە، بەڵکو بیدعەیە، بۆیەڕەوانیەبەهیچ شێوەیەك بکرێت نەبەتەنهای یان بەکۆمەڵ ..."(٦).

* ئیسرا و میعراج:

لەگەورەترین موعجیزاتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-رۆشتنی بەشەو لەلە( المسجد الحرام ) وەبۆ ( المسجد الاقصا ) پاشان بردنی لەوێوەو بۆ حەوت ئاسمانەکان و سەرەوەتر، وەزۆر لەوڵاتان ئاهەنگ ئەگێڕن لەشەوی بست و حەوتەمی مانگی رەجەب، وەئەمەڕاست نیەکەشەوی ئیسرا لەو شەوەبێت، ئیبن و حەجەر لەئیبن و دەحیەئەیگێڕێتەو و دەفەرموێت:" هەندێك لەوانەی کەتایبەت بوون بەگێڕانەوەی باسەکان و دەڵێن کەوا ئیسرا لەمانگی رەجەب بووە، فەرمووی : ئەوەدرۆیە"(٧)، وەئیبن رەجەب دەفەرموێت:" ئەمەریوایەت کراوەبەئیسنادێك کەڕاست نیە، لەقاسمی کوری موحەمەد، کەوا پێغەمبەری خوا ئیساری پێ کراوەلەبیست و حەوتەمی مانگی رەجەب، وەئیبراهیمی حەربی و غەیری ئەویش ئەمەیان ئینکار کردوە" (٨).

وەئەگەر هاتوو شەوی ئیسراو میعراج دیاری کرا بەڵام بۆ هیچ کەس نیەتایبەتی بکات بەشتێك، چونکەهێچ جێگر نەبوەلەپێغەمبەرەوە، هەروەها لەهێچ سەحابەیەکەوەیان تابعێیك کەشەوی ئیسرا و میعراج هەڵبژێرنەسەر شەوانی تر و ئاهەنگی تایبەتی ئەنجام بدەن، چونکەئەو جۆرەئاهانگانەپری لەبدەع و ناشەرعیە. (٩).

* سەر برین و قوربانی پێشکەش کردن لەمانگی رەجەبدا:

بەشێوەیەکی گشتی سەربرینی حەیوان لەمانگی رەجەبدا قەدەغەنیەئەگەر وەکو سەربرینی مانگەکانی تر بێت، بەڵام ئەهلی نەفامی و جاهیلیەت سەربرینی

حەیوانیان دەکرد لەم مانگەو ناویان لێ نابوو: ئەلعەتیرە( العتیرە) ، وەزانیان ڕای جیاوازیان هەیەدەربارەی ئەم سەربڕینەو زۆربەیان لەسەر ئەوەن کەئیسلام ئەو جۆرەسەربڕینەیان هەڵوەشاندوەتەوەو قەدەغەی کردوە، بەبەڵگەی پێغەمبەری خوا- صلی الله علیه وسلم- : "لا فرع ولا عتیرة" (10).

وەهەندێك لەزانیان وەکو ابن سیرین دەڵێن سەربڕینی حەیوان موستەحەبەلەو مانگەبەبەڵگەی چەند فەرمودەیەك ، بەڵام وەڵام درانەوەبەفەرمودەی ئەبو هورەیرەکەلەو فەرمودانەی ئەوان ڕاسترەو دەبێت کاری پێ بکرێت، بەڵکو هەندێك لەزانیان وەکو ئیبنو مونذر دە( عتیرە) نەسخ کراوە، چونکەموسڵمان بوونی ئەبو هورەیرەدواتر بووە، وە( عەتیرە) پێشتر ڕەواەبووەلەسەرەتای ئیسلامەوەپاشان نەسخ بووە، وەئەمەڕاسترە و ڕاجحترە (١١).

* تایبەت کردنی هەموو مانگی رەجەب بەڕۆژو بوون و مانەوەلەمزگەوت ( اعتكاف ) کردن :

ئیبنو رەجەب دەفەرموێت:" بەنسبەت ڕۆژو ، ئەوەهیچ شتێکی ڕاست نەهاتوەلەپێغەمبەر سەحابیەکانیەوەدەربارەی تایبەت بوونی مانگی رەجەب بەڕۆژو " (١٢).

وەئیبنو تەیمیەش دەفەرموێت: " بەنسبەت تایبەت کردنی ڕۆژو لەمانگی رەجەبدا: هەموو ئەو فەرمودانەی هاتوون دەربارەی لاوازن، یان مەوزوعن، هیچ لەزانیان پشتی پێ نابەستن" (١٣).

* عومرەکردن لەمانگی رەجەبدا:

هەندێ لەخەڵك پێان وایەعومرەکردن لەم مانگەدا خێری زیاترەلەمانگەکانی تر، چونکەدەڵێین گویەپێغەمبەری خوا یەکێك لەعومرەکانی لەم مانگەدا بووە، بەڵام ئەمەئەسڵی نیە، وەئەم فەرمووودەیەئەم ڕاستیەمان بۆ دەڕدەخات: عن ابن عمر (رضي الله عنهما) ، قال: "إن رسول الله اعتمر أربع عمرات إحداهن في رجب ، قالت (أي عائشة): يرحم الله أبا عبد الرحمن ، ما اعتمر عمرة إلا وهو شاهِدُه ، وما اعتمر في رجب قط" (14).

واتە: ئیبنو عومەر - ڕەزای خوای لێ بێت - فەرمووی : پێغەمبەری خوا چوار جار عومرەی کردوەیەکێکیان لەرەجەب بووە، عائیشەی دای ئیماندااران - خوا لێی ڕازی بێت - فەرمووی : ڕەحمەتی خوا لەباوکی عەبدولڕەحمان بێت، پێغەمبەری خوا -صلی الله علیه وسلم- هیچ عومرەیەکی نەکردوەئیلا ئەو لەگەڵیدا بوەو شاهیدی بووە، وەهیچ عومرەیەکی نەکردەلەرەجەبدا .

لەکۆتاییدا: پێویستەلەسەر مامۆستایان و بانگخوازان ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر بنەمای قورئان سونەت روون بکەنەوەبۆ خەڵکی، وەدەبێت موسڵمانانیش گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوای گەورەو پێغەمبەرەکی بن-صلى الله عليه وسلم-، چونکەڕزگار بوون و سەرکەوتن لەوەدایە، خوای گەورەدەفەرموێت: { فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحاً وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً } (15). هەروەها دەفەرموێت : { وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ } (16).

داواکارم لەخوای گەورە هەموو لایەك موفەق بکات و ڕێی ڕاست بە هەموو لایەك ببەخشێت.

وصلى الله وسلم على نبينا وحبيبنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەرچاوەکان:


1- (الأحزاب:36) .

2- تبيين العجب فيما ورد في فضل رجب ، لابن حجر ، ص 6 ، وانظر: السنن والمبتدعات للشقيري ، ص125.

3- المصدر السابق ، ص 8.

4- انظر: إحياء علوم الدين ، للغزالي ، 202/1 ، وتبيين العجب فيما ورد في فضل رجب ، ص 22 24.

5- فتاوى الإمام النووي ، ص 57.

6- الفتاوى لابن تيمية ، 132/23 ، وانظر: الفتاوى ، 134/23 135.

7- تبيين العجب ، ص 6.

8- زاد المعاد لابن القيم ، 275/1 ، وقد ذكر ابن حجر في فتح الباري ( 242/7 243) الخلاف في وقت المعراج ، وأبان أنه قد قيل: إنه كان في رجب ، وقيل: في ربيع الآخر ، وقيل: في رمضان أو شوال ، والأمر كما قال ابن تيمية.

9- ذكر بعض تلك المنكرات: ابن النحاس في تنبيه الغافلين ، ص 497 ، وابن الحاج في المدخل ، 211/1 212 ، وعلي محفوظ في الإبداع ، ص 272.

10- البخاري ، ح/ 5473 ، ومسلم ، ح/ 1976.

11- انظر: لطائف المعارف ، ص 227 ، والاعتبار في الناسخ والمنسوخ من الآثار للحازمي ، ص 388 390.

12- لطائف المعارف ، ص 228.

13- الفتاوى: 290/25 292.

14- صحيح البخاري ، ح/1776.

15- [الكهف: 110]

16- [الحج: 40]